Democratic Union of Iranian Kurdistan

یه كێتی دیموٚكرانه كانی كوردستانی ئیٚران

# نارەزایی خەڵكی شاری مهاباد لە دژی هێزەكانی رێژیمی ئاخوندی

بەپێی ئەو هەواڵەی كە لە مهابادەوە بە دەستمان گەیشتوە, ئیوارەی رۆژی دووشەممۆ 9 ی خەرمانانی ساڵی 1383 ی هەتاوی ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی شاری مهابادی خۆراگر دەستیان دایە نارەزایی دەربرین بە دژی هێزەكانی كۆماری ئیسلامی . شایەنی باسە شوێنی كۆبونەوەو نارەزایی دەربرینەكەی خەڵك بەردەم نەخۆشخانەی بە نێو "خومەینی " لەم شارەدا بو . ئەم كۆبونەوەو نارەزایی دەربرینە لە كاتێك دا سەری هەڵدا كە سەر لە ئێوارەی ئەو رۆژە واتە رۆژی دوشەممۆ لەشكریانی جەهل وخورافات بە بیانوی راونان و دەسگیر كردنی قاچاخچیانی مەشروباتی ئەڵكـوٚلی لە لادێـیەكی نزیك شاری مهاباد كەسێـكی بێ تاوان بە نــاوی" ئەحمەد " دەدەنە بەر دەسترێژی گوللەو شەهیدی دەكەن . لە بەرانبەر ئەم كردەوەیەی جنایەتكارانی كۆماری ئیسلامی دا ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی ئەم دێیە و خەڵكی شاری مهاباد تا درەنگانێكی شەو بۆ نارەزایی دەربرین بە دژی داگیركەران لە پێش نەخۆشخانەی شاری مهاباد دا كۆبونەوەو بە شوعاری جۆراو جۆر نارەزاییان بە دژی سەرانی كۆنەپەرەستی دەربری

یەكێتی دیموٚكراتەكانی كوردستانی ئێران

12ی خەرمانانی 1383ی هەتاوی

www.ydki.org

yeketidemokratekan@yahoo.com

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.